# ڤیدار بیرکەلاند کاندیدی پارتی کرێکارانی نەرویج بۆ هەڵبژادنی شارەوانی یەکان لە ئۆسلۆ.

ڤیدار بیرکەلاند ( Vidar Birkeland ) دۆستێکی نزیکی کوردەو،لایەنگرێکی ناسراوی دۆزی ڕەوای گەلەکەمانە،لە نێو سیاسەتمەداران و کاربەدەستانی نەرویجدا,ڤیدار هەلسوراوێکی چالاکی پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی کورد و پارتی کرێکارانی نەرویجە. ئێستا ڤیدار لێدەری ڕێکخراوی (RKR)ە و کاندیدە بۆ ئەنجومەنی شارەوانی یەکانی ئۆسلۆ . هەڵبژاردنی ڤیدار بۆ دەستەی بەڕێوەبەری شارەوانی‌یەکان، پارمەتیدەرێکی باشترە بۆ بەردەوام بوونی پەیوەندی کورد و پارتی کرێکاران،بوونی لایەنگرێکی گەلەکەمانە لە نێو سەرۆکایەتی .




بۆیە داوا لە دەنگدەرانی ڕەوەندی کوردی لە نەرویج دەکەین، کە دەنگی خۆیان بدەنە ڤیدارو پارتی کرێکاران، بوونی کەسێکی دۆست و لایەنگری مافی ڕەوای گەلەکەمان لە نێو هەر ئاستێک و ئۆرگانێـــکی دەولە تـــ و فـــەرمیـــدا کۆمەکێکی باش بە بەرەو پێش چوونی دۆزی گەلەکە مان دەکات .

ڤیدار چەندین جار سەردانی کوردستانی بە مەبەستی جۆراو جۆر و بەشداری کردن لە چالاکیی‌یە سیاسیی‌یەکان دا کردوە، لە وانە وەک چاودێرێک بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 ی هەرێمی کوردستان وهەردو هەڵبژادنەکانی باکوری کوردستان لە ساڵەکانی 2002 و 2007 بۆ پەرلەمانی تورکیا کردوە.
ڤیدار چەندین جار وەکو هەڵسوڕاوێکی کارای پارتی کرێکاران،پێشنیاری بانگهێشت کردنی چەندین سیاسەتمەداری کوردی بۆ ئۆسلۆ کردووە،لەوانە د.کـــمال کەرکوکی جیگری سەرۆکی پەڕەلەمانی کوردستان، مەلا بە ختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی ن ک )، تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و ئامێد ئەحمەد وەزیری گەشەپێدان.
هەروەها ڤیدار چالاکانە هەڵسوراوە بۆ جێ بەجێ کردن و بە ئەنجام گەیاندنی چەندین پرۆژە لە هەرێمی کوردستان، وەکو پرۆژەکانی زانکۆی سەلاحەدین و هاوکاری نێوان نەخۆشخانەکانی کوردستان و ڕیکس هۆسپیتاڵ(Riks Hospital) لە ئۆسلۆ .

ڤیدار جگە لەوەی سەردانی هەر هەرچوار پارچەی کوردستانی کردوە و هەروەها سەردانی ئەرمینیای کردوە بە مەبەستی ئاشنا بوون بە دۆزی کورد لەو ناوچەیەدا .

بە خۆشحاڵی‌یەوە ڤیدار دۆستێکی واقیعی و دڵسۆزی کوردەو جێگە ی متمانەی زۆرێک لە رەوەندی کوردیە لە نەرویج، بۆیە ئەم جارەش داوا لە رەوەندی کوردی دەکەین کە دەنگ بۆ ڤیدار و پارتی کرێکاران بدەن ،بەتایبە ت کە ڤیدارو پارتەکەی دژی هەر جۆرە راسیسمیکن کە جیاوازی دە خاتە نیوان ئینسانەکانە وە .